SCHWEIZERISCHE FLÜCHTLINGSHILFE
ORGANISATION SUISSE D'AIDE AUX RÉFUGIÉS
ORGANIZZAZIONE SVIZZERA AIUTO AI RIFUGIATI
www.osar.ch

# ناميلكەی زانياری بۆ ئەوانەی لە فڕۆكەخانە داوای مافی پەنابەری دەكەن

بەرێزتان هەڵاتوون و پەناتان بردۆتە بەر وولاتی سویسرا؟ بەڕێوەبەرایەتیی یارمەتیدانی پەناهەندەکان SFH ئەم ناميلكەيەی بۆ ئامادەكردوون. ئەم ناميلكەيە هەنگاوە گرنگەكانی چۆنيەتی داواكردنی پەناهەندەيی لە فڕۆكەخانە ڕوون دەكاتەوە.
SFH ڕێكخراوێكی ناحكوميەو هەوڵ دەدات مافی پەناهەندە و هەڵاتووەكان بپارێزێت. ناونيشانی ماڵپەڕەكەشمان www.osar.ch . بۆ پەناهەندەو هەڵاتووەكانيش بەزۆر زمان لە ماڵپەڕی www.for-refugees.ch زانياری هەيە.

## 1. گەياندنی داوای پەناهەندەيی

### 1.1 گەياندنی داوای پەناهەندەيی لە فڕۆكەخانە

لە يەكێك لە فڕۆكەخانەكانی سويسرا داوای مافی پەنابەريتان كردووە.

- هەتا وەڵامی داوای پەناهەندەييەكەت دێتەوە (ڕەنگە هەر سەرەتا) لە بەشی ترانزێت لە فڕۆكەخانە دەمێنيتەوە.
**ئاگاداری:** بەڕێزت دەتوانيت سكاڵا لە دژی ئەم بڕيارە بەرز بكەتەوە.
- پێويستە ناسنامەكە و پەساپۆرتەكەت تەسليم بكەيت. دوايش پرسيارت لێ دەكرێت.
- دوای ئەوەی داوای پەناهاندەييت كرد ناوت تۆمار دەكرێت و وێنەت دەگرن و پەنجەمۆر دەكرێيت. دەزگاكانی سويسرا ڕوونی دەكەنەوە داخۆ پەنجە مۆری بەڕێزتان لە لايەن بانكی ناوەنديی زانيارييەوە (Eurodac) تۆمار كراوە لە ڕێی وڵاتێكی يەكيەتيی ئەوروپاوە وەك نەرويج، يان ئايسلاند. ئەگەر وابێت، ئەوا ئەو وڵاتە ئەورووپييە بهرپرسيار دەبێت لە دۆسيەی داوای پەنابەريت، جگە لە هاوسەر، يان منداڵەكانت كە لە سويسران. سويسرا هەوڵ دەدات دوورت بخاتەوە بۆ ئەو وڵاتە لێپرسراوە لە دۆسيەی تۆ. بەڕێزت بۆت هەيە تەنيا يەكجار و لە يەك وڵاتی ئەورووپی (پرۆسەی دوبلن) داوای مافی پهەنابەری بكەيت. پێويستە تەنيا وڵاتی يەكەم داوای پەنابەريت وەربگرێت و بەدروستی لێی بكۆڵێتەوە. ئەگەر پێشتر لە وڵاتێكی ئەورووپی داوای مافی پەنابەريت كردووە و پێت وايە ئەو وڵاتی يەكەمە بەدروستی هەڵسوكەوتی لەگەڵ داوای پەنابەريی بەڕێزتدا نەكردووە، ئەوا بێ دواكەوتن سەردانی بنكەی ڕاوێژكاريی ياسايی بكە لە فڕۆكەخانە. ئەگەر مەترسی ئەوەت هەيە ئەو وڵاتەی كە يەكەمجار داوای پەنابەريت لێ كردووە، سەرەڕای ئەوەی مەرجەكانی پەنابەريت تێدايە و بێ ئەوەی سەيری دۆسيەكەت بكات، دەتگێڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆت، ئەوا داوا بكە بتوانيت لە سويسرا بمێنيتەوە. هەروەها ئەگەر ترسی ئەوەت هەيە سويسرا بتگێڕێتەوە بۆ وڵاتێكی تر و ئەو وڵاتەش دەتنێرێتەوە بۆ وڵاتی خۆت و لەوێ هەڕەشەی ئەشكەنجە و سزای نامرۆيی و سووكايەتی پێكردنت لەسەرە، ئەوا ديسان داوای ئەوە بكە بتوانيت لە سويسرا بمێنيتەوە.

## 2.1 تۆمارکردن

لێره پرسیار له ناوی خۆت و کەسوکارت و لەسەر چۆنیەتی هاتنت بۆ ئێره و و له دوایشدا لەسەر هۆی هەڵاتنت لێ دەکرێت. له کاتی پرسیار
لێکردندا لیپرسراوێکی ئەم بەرێوەبەراییەتیه و ئەگەر پێوست بوو وەرگێرێکیش ئامادە دەبێت.

- ← هەمو ئەو هۆیه گرنگانه بڵێ که بووەته هۆی ئەوەی  وڵاتەکەت بەجێ بهێڵیت.
- ← ئەگەر ناتەوێت کێشەکەت لەلای ژن یاخود پیاو باس بکەت ئەوه دەتوانیت داوا بکەت وەرگێر و لێپرسراوی ژن یان پیاوت بۆ ئامادە بکەن.
- ← پیان بڵي بۆچی ناتوانیت ناسنامەو بەڵگەنامامەیان بدەیتێ
- ← هەرشتێک تێنەگەیشتی خێرا پێان بڵێ تێ ناگەم.

له کۆتایی پرسیارەکاندا دەبێت نامیلکەیەک ئمزا بکەیت و دان بەوەدا بنێت

که هەمو پرسیارەکان تێگەیشتووی تو و واڵامەکانەشت وەک خۆی تۆمارکراوه. پاشان دڵنیای خۆت بکه پێش ئەوەی ئەمه ئیمزا بکەیت.






## 3.1 بەڵگەنامە و ناسنامە

← هەر بەڵگەنامەیەکت هەیە پەیوەندی بە کێشەکەتەوە هە یە بیدە دەستیان.

← هەموو ئەو بەڵگانامانە با کۆپیەکی لاخۆت بمێنێتەوە.

## 4.1 ڕونکردنەوە

← لەوانەیە لەبەرئەم هۆیانە کێشەکەت پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاترهەبێت

← ئەگەر بروات پێنەکەن کە لەو وڵاتەوە هاتویت کە خۆت ئەیڵێت ئەوە ڕەنگە پسپۆڕێکی زمان لێکۆڵینەوەک لەسەر زمانەکەت بکات و پرسیار لەسەر وڵاتەکەت بکات.

← ئەگەر گومان لە تەمەنت هەبێت ئەوە دەبێت پزیشکێک لەسەر تەمەنت بریار بدات.

## 5.1 ئیتر لەدوایدا ؟

لە فڕۆکەخانە فەرمانبەرانی ئۆفیسی فیدراڵی کۆچبەران بە دوورودرێژی پرسیاری هۆیەکانی داواکردنی پەنابەریت لێ دەکەن و پاشان یەکێک لەمانە وەردەگرن:

* بریارێکی شیاو بۆ جێبەجێ نەکردن کە دەتوانن سکاڵا لە دژی تۆمار بکەن.
* بریارێکی پەنابەریی نەگەتیڤ کە دەتوانن سکاڵا لە دژی تۆمار بکەن.
* مۆڵەتنامەیەک بۆ گەشتکردن بە سویسرادا بەمەبەستی داواکردنی مافی پەنابەری.

← ڕەنگە ناسنامەی پاناهەندەیی وەربگریت.






# 2. پرسیارلێکردنت ( لێکۆڵینەوە)

پرسیار لێکردنت لەسەر کێشەی پەناهەندەیەکەت زۆر گرنگە. لەوانەیە زیاتر لە یەک جار پرسیارت لێ بکرێت. بەڕێوەبەرایەتی پەناهەندەیی دوایی لەسەر بنچینەی ئەم پرسەارانە بریار لەسەر پەناهەندەیەکەت دەدات.

## 1.2 کێ بەشداری لە پرسیارکردن ئەکات؟

- ← بەڕێوەبەرێک سەرۆکایەتیی پرسیارلێکرنەکە دەکات.
- ← وەرگێڕێک، ئەم وەرگێڕە(مترجم) دەبێت هەموو شتێک کە دەوترێت بەراستی وەربگێڕێت و نابێت بیرو رای خۆی بڵێت و هێچ پەیوەندیەکی خۆی نیە بەکێشیکەوە و دەبێت ئەو قسانەش کە دەکرێت نەیگەیەنێتە کەسی تر. هەروەها خۆیشت دەتوانیت وەرگێرێک لەگەڵ خۆت بهێنیت بەمەرجێک ئەمە خۆی بەدوای پەناهەندەیدا نەگەڕێت.
- ← یەکێک لەلایەن کۆمەڵەی یارمەتیدەرانەوە (ئەم کەسە ئەندامی رێکخراوێکی ناحکومیە) ئەمە وەک چاودێرێک دادەنێشێت و ڕەنگە داوای پرسیارکردنی تر بکات و ڕاپۆرتی خۆی دەدا بەبنکەی کۆمەڵەی یارمەتیدەران.
- ← تۆ خۆت دەتوانیت پارێزەرێک یاخود یەکێکی شارەزا لەگەڵ خۆت بهێنیت بەمەرجێک ئەمە خۆی بە دوای پەناهەندەیدا نەگەڕێت و تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر بێت.

## 2.2 پرسیارەکان

پرسیارەکان بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرەیە:

دوای ئەوەی ئامادەبوان خۆیانت پێ دەناسێنن و باسی چۆنیەتی پرسیارەکانت بۆ دەکەن و ئەرک و مافەکانی خۆتت پێ دەڵێن، دوایی ئەمە فەرمانبەر لەسەر ئەمانەی خوارەوە پرسیارت لێ دەکات.

- ← لەسەر ناو بەڵگەنامەی ناسنامەت .
- ← لەسەر خزم و کەسوکارت
- ← لەسەر خزمەتی سەربازی
- ← لەسەر ڕێگاکەت لە وڵاتی خۆتەوە هەتا سویسرا
- ← کار و کاسبیت لە وڵاتی خۆت و سویسرا
- ← مانەوەت لە وڵاتانی تر
- ← پارێزەرت یاخود لێپرسراوت لە وڵاتی خۆت یا سویسرا

لە کۆتایدا دەتوانیت هۆی ڕاکردنەکەت بۆ سویسرا باس بکەیت.

**به پێی یاسای (بەشی 3ی یاسای پەناهەندەیی) پەنابەران مافی پەناهەندەیی وەردەگرن.**
پەنابەران ئەوانەن لە وڵاتی خۆیان یان  لەو وڵاتەی دواجار لێی بووە بەهۆی رەگەز، ئاین، نەتەوە، یان بەهۆی ئەوەی لە کۆماڵگایەکی تایبەتیەوە یا خود بیرو رای سیاسی تایبەتی خۆی هەیە بە توندی توشی کێشە بێت یاخود بەڕاستی ترسی هەبێت یاخود بەرەورووی ترسناکی بێتەوە. ژیانی یەکێک ترسناکە کە ئەو کەسە ڕاستەو خۆ بەرەنگاری هەرەشەی سەر ژیان و گیانی و دارووونی و ئازادی بێت.
جگە لە کێشەی ژنان و ناموس کە بەشێکی تایبەتی خۆی هەیە.

## 3.2 پەنابەری لە سویسرا

لە کاتی پرسیار لێکردندا دەبێت هەموو هۆکانی هەڵاتنەکەت بڵێیت و بۆچی داوای پەناهەندەیی دەکەیت. تۆ دەتوانیت بەسەربەستی و بێ ترس لەسەر کێشەکەی خۆت بدوێت. ئەوانەی کە گوێت لێ دەگرن مافی ئەوەیان نیە ئەو قسانەی دەیکەیت بە یەکێکی تری بڵێن.
ئەم بەشەی پرسیارەکان زۆر گرنگە، چونکە داوات لێ دەکەن پێیان بڵێیت، **چی یان کێ بوو پاڵی پێوەنایت وڵاتەکەی خۆت بەجێ بهێڵیت.**

- دەبێت بەڕاستی وەڵام بدەیتەوە وە هەوڵ بدە بە وردی باسی کێشەکەت بکەیت.
- باسی هەستی خۆت بکە وە ئەوەش بڵێ ئەگەر نەتەوێت بەسەرهاتەکەت لای ژن یان لای پیاو باس بکەیت.
- هەموو ئەو  بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆت بێنە کە پەیوەندی بە کێشەکەتەوە هەیە وەک نامەی پۆلیس و بریاری دادگا و بەڵگەنامەی زیندان و نامەی هەرەشە و کاغەزی پزیشک و وێنە و بەڵگەی تریش. کۆپی ئەمانە با لای خۆت بمێنێتەوە.
- ئەگەر پێشتر لە وڵاتیکی تری ئەورووپی بوویت و ترسی ئەوەت هەیە ئەو وڵاتە بتنێرێتەوە بۆ وڵاتی خۆت و لەوێ هەرەشەی ڕاونان و ئەشکەنجە و رەفتاری نامرۆییت لەسەرە، ئەوا پێمان بڵێ. بە دووروودێژی لەبارەی ترسەکانتەوە بدوێ.

ڕەنگە بە هۆی بە هەڵە لەیەکتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی کەم و گێرەشێوی لە ووتەکانتدا پرسیاری زیاترت لێ بکەن. وتەکانت دەبێت بنوسرێت و  لە کۆتاییدا بۆت وەربگێرنەوە بە کوردی.

## 4.2 پرسیار لەسەر خانەوادەت

ئەندامانی خێزانت بەجیا پرسیاریان لێ دەکرێت. کاتێک پرسیار لە ئەندامێکی باڵغی خێزان بکرێت، پێویستە ئەوانی تر لە ژوورێکی تر چاوەرێ بکەن. ئەگەر هیچ هۆیەکی تایبەتی نەبێت، ئەوە مندالّ لەگەڵ دایک و باوکیدا پرسیاری لێ ئەکەن.




## 3. ناميلكە ( پرۆتۆكۆل)

لەگەڵ دەستكردن بەپرسيار و وەڵامدا ناميلكەيەك دەنوسرێت. دواى لێپرسينەوەيەك بۆت وەردەگێڕن و  لە كۆتايدا ئەبێت هەموو لاپەرەكانى ئەم ناميلكەيە ئمزابكەيت.

← جا لەبەر ئەوە هەرشتێك تێ نەگەيستى خێرا بيڵێ وە ئاگات لێبێت بزانە  ناميلكەكە هەمو ئەو قسانەى تيايە كە خۆت كردۆتە. ئەگەر هەڵەيەكى  تيا بوو با ڕاستى بكەنەوە.

لە كۆتايدا پرسيارت لێ ئەكەن ئەگەر هيچ هۆيەكى تريش هەيە كە ببێتە  هۆى ئەوەى لە سويسرا بمێنيتەوە. دواى ئەبێت ئمزاى بكەيت كە هەموو  شتێكت وتوەو وە هەرچيش تۆماركراوە هەمو قسەكانى خۆتن و  زياد و كەمى تيانيە

## 4. وەڵامی پەناهەنديی

بەڕيوەچونى مامەڵەى پەناهەندايى لە فرۆكەخانە هەندێك جار تەنها **چەند ڕۆژێک يان چەند هەفتەيەک** ئەخايەنێت. ئەگەر ئۆفيسى فيدراڵيى پەنابەران لە ماوەى 20 ڕۆژدا بڕيارى يەكەمى خۆى نەدات، دەتوانن ڕوو لە يەكێك لە كانتۆنەكان بكەيت. مانەوەت لە فرۆكەخانە دەتوانرێت ئەوپەڕى تا 60 ڕۆژ بخايەنێت. زوو پەيوەندى بكە بە شوێنى ئامۆژگاركردنەوە كە ناو ليستەكەدا هەيە.

بە شێوەيەكى نۆرماڵ لە بەڕێوەبەرايەتى پەناهەندەييەوە وەڵامى پەناهەندەيەكەت بە  نوسين بە زمانى ئەڵمانى يا فەرەنسى يا ئيتالى بۆ دێتەوە.

لە لێكۆڵينەوە لە فڕۆكەخانە بۆى هەيە يەكێك لەم بڕيارانە وەربگرن:
http://www.fluechtlingshilfe.ch/hilfe/nuetzliche-adressen

### 1.4 مۆڵەتنامە بۆ گەڕان بەناو سويسرادا:

ئۆفيسى فيدراڵيى پەنابەران بڕيارى داوە پێويستە لە سويسرا لێكۆڵينەوە لە داواى پەنابەريت بكرێت. ئەمە بەواتاى بڕيارى كۆتايى نييە لەبارەى داواى پەنابەريتەوە، بگرە تەنيا **مۆڵەتنامەيدكە بۆ چوونە ناو سويسراوە.**

### 2.4 وەرگرتنی کاتی

ڕەنگە داواكارى پەناهەندەييەكەت ڕەد بكرێتەوە بەڵام بە شێوەيەكى كاتى
ئەتوانيت لە سويسرابمێنيتەوە. ئەمە لەكاتێكتدا ئەبێت كە ڕێگەى گونجاو نەبێت بتگەڕێنەوە يا خود بەهۆى كێشەى گشتى وولاتەكەت وەك شەرى ناوخۆ ياخود بلاوبونەوەى نەخۆشى لە وولاتەكەدا.
ئەگەربارى ناو وڵاتەكەت ئاساى بووە ئيترئەم مافەت نامێت.





## 3.4 ڕەدانەوە (وەڵامی نێگەتیڤ)

**ڕەدانەوەت لەبەر هۆیەکی تایبەتیی**
داوای پەناهەندەییەکەت رەت کراوەتەوە و **پێویستە وڵات بەجێ بهێڵیت** و بەپێی یاسا بۆتان نییە پێش دەرچوونت لە سویسرا، لە خاکی فڕۆکەخانە بچیتە دەرێ.

ئەمە مانای ئەوەیە کە بەبێرو ڕای بەڕێوەبەرایەتی پەناهەندەیی هیچ هۆیەکی تایبەتی نیە بۆ ئەوەی مافی پەناهەندەییت بدەنێ یاخود نەت توانیوە هۆی ڕاکردنەکەت بسە لمێنیت وە بروایان پێ نەکردویت.

**ڕەتکردنەوەی بێ هۆ (ناتوانرێت لەسەر کێشەکەت بڕیار بدرێت، وولاتێکی تر پەیوەندی بە پەناهەندەییەکەتەوە هەیە، ئاڕاستەکردن بۆ وڵاتێکی تری یەکیەتیی ئەوروپا، نەرویج، یان ئایسلاند.)**
لێکۆڵینەوە لەسەرداوای پەناهەندەییەکەت دوای چەند پرسیارێکی کەم ئەوەسترێنرێت و وە ئەبێت بە زووترین کات سویسرا بەجێ بهێڵیت.
ئەمە کاتێک ئەبێت کە:

- ئەگەر پێش داواکردنی پەنابەریت لە فڕۆکەخانە لە وڵاتێکی تری یەکیەتیی ئەوروپا بووبیت، ئایسلاند، یان نەرویج، ئەوا تەنیا بەکورتی لەبارەی ڕێگای هاتنتەوە پرسیارت لێ دەکرێت و نوێنەری ڕێکخراوی یارمەتیدەر لە کاتی پرسیار لێکردنتدا بەشدار نابێت. لەم حاڵەتدا ڕەوانە دەکرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێوەی هاتوویت، چونکە ئەو وڵاتە لە لێکۆڵینەوە لە داوای پەنابەری و ڕێنماییکردنی بەڕێزت بەرپرسە.
- ئەگەر پێش ئەوەی بییتە سیوسرا ماوەیەکی زۆر لە وولاتێکی تردا بوو بیت. یاخود لە وێ ژیابیت یان لەو وولاتە کەسو کارت هەبێت.
- ئەگەرپیش ئێستە لە سویسرا یان لە وولاتێکی ئەوروپی تر داوای پەناهەندەییت کردبێت و وە هیچ هۆیەکی نوێی تر نەبێت بۆپەناهەندەییکەت.
- ئەگەر دیاربێت پەنابەر نەبیت بەڵکو بەهۆی کیشەی ئابوریەوە یا بۆلای کەسوکارت هاتبەت.
- ئەگر بەدرۆ ناو و ناسنامە خۆت گۆریبێت.
- ئەگەر ئەرکی خۆت لەگەڵ بەرێوە بەرابیەتی پەناهەندەی نەهێنێتە دی بۆ نمونە ئەگەر لە کاتی پرسیار لێکردنا ئامادە نەبوی.
- ئەگەر هیچ ناسنامەیەکت پێ نەبوو وە نەت توانیت لە ماوەی 48 کاتژمێرداهیچ ناسنامەیەک بدەیتەدەست. وەهیچ لێبوردنێکی دیاریکراوت نە بێت بۆ ئەم مەبەستە وە ئەگەر بەرێوەبەرایەتی پەناهەندەیی بروا بە کێشەی پەناهەندەییەکەت نەکەن.
- ئەگەر لە وولاتێکەوە هاتبیت کە ئە وولآتەش بە بیرو ڕای ئەم بەرێوەبەرایەتیە وولاتێک بێت ئاسایشی تیابێت ورێز لە مافی مرۆڤ بگرێت و وە بڕوا بە هۆی هەڵاتنەکەت نەکەن.
- ئەگەر بە قاچاخی لە سو یسرا مابوبویتەوە وە دوای ئەوەی کە گرتیتیان ئینجا داوای پەناهەندەییت کردبێت و وە بڕوا بە هۆی هەڵاتنەکەت نەکەن.

**ئاگاداری:** ئەگەردوای ئەوەی وولامی نێگەتیڤت بۆهاتەوە ناڕەزایی زوو دارنەبریت مانای ئەوەیە تۆ بە قاچاخی لەم وولاتەدایت.

- بەپێی هۆی وەلامی نێگەتیڤەکەت، لە وانەیە یەک سەر دوای وولام دانەوەت زیندانی بکرێت.

**ئەگەر سکاڵایەک تۆمار بکەیت، ئەوا بەپێی یاسا دەتوانیت تا کاتی بڕیاردان لەسەر سکاڵاکت لە سویسرا بمێنیتەوە.**

سەرنج بدە: تەنیا یەک **هەڵاوێردە (استثناء)** هەیە: ئەگەر پێش هاتنت بۆ سویرا لە وڵاتێکی تری یەکیەتیی ئەورووپا بوو‌بیت، ئایسلاند، یان نەرویج و ئەو وڵاتە لێپرسراو بێت لە لێکۆڵینەوە لە داوای پەنابەریت، ئەوا سەرەڕای ئەوەش دەتوانیت داوا بکەیت لە سویسرا چاوەڕێی بڕیاردان لەسەر سکاڵانامەکەت بکەیت. بڵام پێویستە ئەمە بەڕاشکاوی بۆ کەیسی تایبەتی خۆت بە بەڵگەوە بسەلمێنیت. داوا بکە لە سویسرا بمێنیتەوە ئەگەر بۆ نموونە بەڵگەت هەیە کە ئەو وڵاتە ئەورووپییە:

- بەڕێزت یەکسەر بۆ وڵاتی خۆت دەنێرێتەوە و لەوێ هەڕەشەی ئەشکەنجە و ڕەفتاری نامرۆیی و سووکایەتی پێکردنت لەسەرە.
- بێ ئەوەی لە داوای پەنابەریت بکۆڵێتەوە یەکسەر داوات لێ دەکات بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، ئەگەرچی گشت مەرجەکانی پەنابەریت تێدا هەیە.

لە حاڵەتی دوورخستەوەشتدا بۆ ئەو وڵات ئەورووپییەی کە لێوەی هاتوویت، لێرە لە سویسرا هەر بڕیار لەسەر سکاڵانامەکەت دەدرێت. سەر لە دادگای فیدراڵی بدە (لە خوارەوە سەیری ناوونیشانەکەی بکە) و پێیان بڵێ لە دەرەوەی وڵات بڕیارەکەت بۆ کوێ بۆ بنێرن. خۆ ئەگەر پارێزەرت هەبێت، ئەگەر لە دەرەوەی سویسراش بیت هەر لە پێوەندیدا بمێنەوە لەگەڵیدا. تەنیا لەو ڕێیانەوە دەتوانرێت بڕیاری پۆزەتیڤی سەبارەت بە مۆڵەتی مانەوەت لە سویسرا پێ بگات.




## 5. نارەزایی دەربرین

ئەگەربڕیاری بەرێوەبەرایەتی پەناهەندەییت بە دڵ نە بوو ئەتوانیت نارەزایی خۆت بەنامە بنوسی بۆ ئەم ناو و نیشانە:

Bundesverwaltungsgericht
Postfach, CH-3000 Bern 14
Telefon +41 (0)58 705 26 26
Fax +41 (0)58 705 29 80

لە لێکۆڵینەوەی فڕۆکەخانە **تەنیا ماوەی 5** ڕۆژ کاتت هەیە ئەگەر بتەوێت سکاڵا تۆمار بکەیت.

**ناوونیشانی بنکەکانی ڕاوێژکاریی یاسایی لە فڕۆکەخانە:**

http://www.fluechtlingshilfe.ch/hilfe/informationsblaetter

Zürich-Kloten
SRK, Sozial-, Rechtsberatung, Transit ZH-Airport, Tel. 043 816 57 82, Fax 043 816 57 83

Genf-Cointrin
ELISA, Permanence Aéroport, Case postale 110, 1211 Genève 7, Tel. 022-733 82 62, Fax 022-733 82 47

Adressen in den **Kantonen** siehe:
http://www.fluechtlingshilfe.ch/hilfe/nuetzliche-adressen

## 6. زانیاری گشتی

**ئامۆژگاری یاسایی، پارێزەر**
ئەبێ خۆت بۆ یارمەتی یاسایی هەوڵ بدەیت. زانیاری لەسەر ئامۆژگاری یاسایی لە ماڵپەڕی
http://www.for-refugees.ch یاخودلە لیستە ی ناونیشانە کان ئەبینیت.

**هێنانی خێزان و ژن بە شێوەی یاسایی**
ئەوەی بەدوای پەناهەندەییدا بگەڕێت مافی ئەوەی نیە خێزان و ژن بە شێوەی یاسایی بهێنێت.

**یارمەتی بۆ ژیان، سۆزیال**
ئەوەی دەست کورت بێت واتە هێچی نەبێت یارمەتی لە کاتی داواکردنی پاناهەندەییدا وار ئەگرێت.

بە پێی دەستوری سیوسری (مادەی 12) هەمو کەسێک کە لەم وولاتەدا ئەژی و دەستی کورتە ئەبێت یارمەتی بدرێت
لە ژیانی ڕۆژانە یدا. لە و ڕۆژەی کە وولامی پەناهەندەییەکەت بە نێگەتیف ئەدەنەو هەتا ئەو ڕۆژەی لەم وولاتەدا
دەرئەچیت وە ئەگەر بە قاچاخیش لەم وولاتەدابیت مافی ئەوەت هەیە کە یارمەتیت بدەن ئاگەر لە تەنگانەدا بیت.
یارمەتیەکەش بریتیە لە خواردن و جێگە و جلوبەرگو تیمارکردن لەکاتی نەخۆشیدا.
بەڵام بۆ ئەم یارمەتیانە ئەبێت بچێت بۆ بەرێوەبەراییتە حکومیەکان کە لە ناساندنت بەرپرسن و و ڕەنگە لەوێش
بتگرن. جابۆ زانیاری زیاتر سەیری ماڵپەڕیhttp://www.for-refugees.ch بکە.

**کارکردن**
بەرێوەبەراییەتیەکانی سویسرا ڕێگەنادەن بە پەناهەندەکان جارێک کاربکەن. لە دوای سێ هەتا شەش مانگ
مانەوەت لێرە ئینجا ئەتوانیت داوای مافی کارکردن بکەیت.
لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەم شوێن هەیە کە کار بدەن بەپاناهەندە و بێگانە هەتا خەڵکی سویسری وەستا بێت.

**شوێنی ژیانت**
هەرکاتێک ناونیشانی خۆت گۆری ئەبێت بەرێوەبەرایەتیەکە خۆت ئاگادار بکەیت. بە شێوەیەکی گشتی ناتوانیت لە
پارێزگارێکەوە بگوێزیتەوە بۆ پارێزگارێکی تر.

**گرتن و زیندانی کردن**
تۆ لەوانەیە زندانی بکرێیت:

- ← ئەگەر بە بریارێکی شیاو بۆ جێبەجێ نەکردن داوای پەنابەریت ڕەت بکرێتەوە.
- ← ئەگەر هاوکاری نەکەیت لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیدا
- ← ئەگەر داوای پاناهەندەییەکەت بە فێڵ کردبێت.
- ← ئەگەر سەرپێچی یاسات کردبێت.
- ← ئەگەر دیار بێت کە ئەتەوێت خۆت بدزیتەوە لەوەی کە بتگەڕێنەوە بۆ وولاتەکەی خۆت.

**دەرچون لەم وولاتە**
تۆ ناتوانیت لە سویسرا دەرچیت هەتا وولامی پەناهەندەییەکەت نەیەتەوە.
وەنابێت هیچ پەیوەندی بکە یت بە نوێنەری یان بارەگای وولاتەکەتەوە.